www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23:09 28-8-2006

# فتوای کاک مستەفا هیجری بۆ شاهۆ حوسێنی و خوسرەو بەهرامی ... کاردۆ

مستەفا هیجری بەرپرسی زۆرایەتیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نامەیەکی پڕ لە هەڕەشەو بە دوور لە راستی و چەواشەکاری دا بۆ شاهۆ حوسێنیو خوسرەوی بەهرامی ئەندامانی جەناحەکەی، فتوای دەرکردوە کە لەسەر ئەو 20 خاڵەی ئۆپۆزیسیۆنی نێۆ حیزب بە حیزبی پێشنیار کردوون "ئیفشا گەری" بکەنو " کارو کردەوەکانی ئەو جەماعەتە لەقاو بدەن". ئەم فتوایە نهێنی بوو بەڵام دوایە لە 13!! خاڵ دا فۆرمۆڵە! کراو بە نێو ئەندامانی خۆیان دا بڵاویان کردەوە. ئەو فتوایە لە حاڵێك دا دراوە کە مستەفا هیجریو باندەکەی دوای دوو ساڵ دەسەڵاتی موتڵەقیان بەسەر حیزب دا دەستیان بۆ هەموو کردەوەیەکی نادێموکراتیك بردوەو دەیان هەڵەی سیاسییان کرد کە بووە بەهۆی نارەزایەتیی زۆری ئەندامانی حیزب بە چەشنێك کە نەدەشاردرایەوە. بەوحاڵەش تا دەرچوونی ئەم فتوایە لێبڕاوانە حاشایان لە نارەزایەتیی نێو خۆی حیزب دەکرد. لەم فتوایە دا چەند خاڵ جێگەی سەرنجو لێ وردبوونەوەن کە ئیشارەیان پێ دەکەم:

لە بارەی ئەم 20 خاڵە پێشنیار کراوە دا دەڵێ:" ئەگەر قبووڵ بکرێن بۆ هەمیشە و بە رەسمی حیزب دوولەت دەکا. " داوا لە خوێنەرانی بەڕێز دەکەم ئەو 20 خاڵەو پێشەکییەکەی بخوێننەوە کە ئەو جەناحە بە قەولی خۆیان بە مەبەستی لەقاودانیان ـ دیارە بە نا ئوسووڵی- بڵاویان کردەوە، بزانن جگە لە بانگەواز بۆ پتەوکردنی ریزەکانی حیزب و کەڵك وەرگرتن لە هەموو تواناکان چی دیکەی تێدایە کە ئەم ئیددیعایەی ئەوان بسەلمێنێ؟ هەر لەو داخوازانە دا هاتوە: " بۆ چارەسەری گیروگرفتەکانو بۆ ئەوەی هەموو تێکۆشەرانی حیزب خۆیان لە نێو حیزبەکەیان دا ببیننەوە و حیزبیش بتوانێ لە هەموو تواناکانو زەرفیەتەکان و... کەڵك وەرگرێ ریزە پێشنیارو داخوازێکتان دەخەینە روو. " بەڕاستی ئەمە حیزب دوولەت دەکا یان ئەم فتوایە؟

لەبیری زۆربەی کادرو پێشمەرگەو ئەندامانی حیزب لە کوردستان نەچووەتەوە یەکەمینو دوایین کۆبوونەوەی رەخنەو پێشنیار لەسەردەمی دەسەڵاتدارەتیی ئەم جەناحە دا کە لە لایەن ماموستا عەبدوڵا حەسەنزادەوە بەرێوە چوو، و جەناحی دەسەڵاتدار بە جنێوو قسەی ساردو سووك شێواندی، کە ماموستا پێی لەسەر یەکیەتیو یەکریزیو پتەو بوونی ریزەکانی حیزب دادەگرت، ئەو جەناحە بەئاشکراو بێ پەردە دژی ئەمە بوون. تەنانەت لەو جێیە دا کە ماموستا گوتی: هەموومان پێکەوە دەبینو ئەگەر پێویست بوو پێکەوەش دەمرین، لەگەڵ تەشویقی گەرمی دڵسۆزانی راستیی حیزب بەرەو روو بوو. بەڵام لایەنگرانی جەناحی دەسەڵاتدار متەقیان لەخۆیان بڕی. ئەم دیمەنە ترسناکە لەبەرامبەر چەند وتەی لەم چەشنەی دیکەش دا دووپات بۆوە.

سەیر ئەوەیە ئەو جەناحە کە خۆی بە پەرۆشی لەت بوونی حیزب نیشان دەدا، لە کۆنگرەی 13 دا ئەو پاراگرافەی راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرە کە باسی لە یەکیەتیو یەکریزیی حیزب دەکرد، لا برد !!

لە بەشێکی دیکەی ئەو فتوایە دا هاتوە ئەگەر ئەو خاڵانە قبووڵ بکرێن:" پرەنسیپە دیموکراتییەکانی حیزب نامێنێ. " هەموو کەس باسی پرەنسیپەکانی حیزبی بکا نابێ کاك مستەفا و هاو جەناحەکەی باسی بکەن. چونکە هەر ئەوان بوون لە کۆنگرەی 12 دا کە سوێند بە خوێنی شەهیدان دیارە لەسەرووی

هەموان قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی خورا دەستەبەندیی نهێنی نەکەن‌و ئەم کارە بە خیانەت لەقەڵەم درا، بەڵام ئەمانە کردیان. تەنانەت پێش کۆنگرە نامەیەك لە مستەفا هیجری گیرا کە بە شێوەیەکی حاشا هەڵنەگر ئەو پرەنسیپە پێشێل دەکا. پاشان کام دێموکراسی لە حیزب دا؟ نموونە لەسەر پێشێل کرانی سەرەتایی ترین ئوسووڵەکانی دێموکراسی لە حیزب دا بەداخەوە یەکجار زۆرە، کە بۆ باسێکی سەربەخۆ دەبێ. تەنیا ئیشارە بەوەندە دەکەم کە ئێستا لەم حیزبە دیموکراتە! دا لە بواری رەخنە لە بەرێوەبەرانی حیزب دا سکووتێکی موتڵەق هەیە و ئەگەر یەکێك خوای نەخواستە زمانی بە جۆرێك بگەڕێ تێی هەڵ دەپێچن. تەنانەت کۆمیتەی ئەمنیەت کاری ئەوەیە بزانێ کێ هاتوچۆی کەسانی غەیری خۆیان دەکا. هەر خودی ئەم شێوە بەرخوردە لەگەڵ ئەم پێشنیارانە نیشانەی چین؟

پاشان ئەم فتوایە وێرای حاشا کردن لە ئۆپۆزسیۆنی نێو حیزب ئەو بوختانە بە ئۆپۆزسیۆن دەکا کە گوایە بە "دانانی سەتەلایت، رێکخراوی خوێندکاری، حەرەکەتەکانی ئەو دوو ساڵەی لە کوردستان کراوە" تووڕەن حافیزەی خەڵك کوێر نیە، بە خۆشی‌یەوە ئەو هەوڵانەی پێش بوونە سکرتێری کاك مستەفا بۆ دانرانی تەلەفزیۆن دراون بەشێکیان بە نوسراو ماون کە خەریك بوو تەلەفزیۆن دابنرێ و کاری زۆری بۆ کرا بەڵام لەبەر کارشکێنیی ئەمانە سەری نەگرت. ئەوەی ئێستاش دانراوە لە سەر ئەساسی ئەو هەوڵانە بووەو لە سەردەمی کاك مستەفادا "افتتاح" کراوە.

لە بارەی رێکخراوی خوێندکاری‌یەوە دەبێ ئەو واقعییەتانە بگوترێن کە بە داخەوە تەنیاو تەنیا بۆ ژێستی پێشکەوتنخوازانە لە پشت میکرۆفۆن ئەویش تەنیا لە مەراسیمە رەسمی‌یەکانی حیزب هەیە. هەر ئەم رێکخراوەیە بەر لە کۆنگرەی دامەزرانی هاتە گۆڕ بەڵام ئەوەش هەر لەگەڵ کارشکێنیی ئەم جەناحە بەرەو روو بوو. ئەگینا یەکیەتیی لاوان و یەکیەتیی ژنان هەن بە سەدان ئەندام – ئەگەر نەڵێم بە هەزاران ئەندامیان لە سەرانسەری کوردستان و ئورووپاو ئێران دا هەیە بەڵام چونکە جەناحی کاك مستەفا نەی‌توانی بە دەردی حیزبیان بەرێ لە خۆیانی نازانن و حیسابیان بۆ ناکەن.

بەڵام لە بارەی حەرەکەتەکانی ئەم دوایی‌یانەی کوردستان دا دەبێ بڵێم: ئەم حەرەکەتانە زۆر پێشتر دەستیان پێ کردوە، دەسکردی کاك مستەفاو جەناحەکەی نین. 3ی رەشەمەی سنە و رووداوەکانی چەند رۆژ پێشتری تەقینەوەی ئەم کانی‌یە بوو کە ئێشتاش لێی هەڵ دەقوڵێ. ئەوکات ماموستا عەبدوڵا حەسەنزادە لە نیوەراستی سەردەمی 10 ساڵەی سکرتێریی خۆی دابوو لەم پێوەندی‌یە دا چەند سەعات دوای رووداوەکە۔ نەك چەند مانگ!! چەند نوتقی زۆر باشی دان کە بۆماوەیەك رستە بەرستەی وێردی زمانی خەڵك‌و تیتری هێندێك لە رۆژنامەکان بوون. بەڵام ساڵی رابردوو حەرەکەتەکانی خەڵکی کوردستان زیاتر لە مانگێك درێژەیان کێشا، کاك مستەفا لەبەر ئەوەی خەریکی تەسفیەی حیزب بوو دوای هەموو هێزو لایەنێك و کەسایەتی‌یەك ئەگەر قسەیەکی کردبێ.
هەروەها لە بەشێکی دیکەی فتوا دا هاتوە:" لەگەڵ موخالیفانی حیزب پێوەندی‌یان گرت". لەبەر چاوی هەر دیکتاتۆرێك دنیا دوو بەشە: خۆی‌و دوژمن. دیکتاتۆر لە هەموو دنیا مەشکوك‌و بە گومانە. دوژمن تراشی و دوورە پەرێزی تایبەتمەندیی هەر دیکتاتۆرێکە. لەسەردەمی ماموستا عەبدوڵا حەسەنزادە دا تاقە یەك دوژمن بۆ حیزبی دیموکرات هەبوو: کۆماری ئیسلامی. بە تایبەتی هێزە کوردی‌یەکان هەموو دۆستو هاوپەیمان بوون. ماموستا دەی گوت:" هێزە کوردەکان دۆستی ستراتژیی یەکترن". لەو ماوەیە دا نەك هەر لەگەڵ هیچ هێزێکی کوردی ناکۆکی و دوژمنایەتی نەبوو بەڵکوو تەنانەت دووبەشی حیزبی دیموکرات یەکی گرتەوەو چەندین کەسایەتیی دیکەش کە دابڕابوون، لە " بنەماڵەی گەورەی دیموکرات" (ئەوەش رستەیەکی ماموستایە) دا کەوتنەوە سەر یەك. ئیشاڕەی ئەوان بە چەند جار سەفەری

ماموستایە بۆ لای هێزو لایەنە کوردیەکانە کە لە ماوەی سکرتێریی خۆی دا دۆستایەتی‌یەکی پتەویان دامەزراندبوو کە زۆر بەقازانجی حیزبیش بوو. بێ ئەوەی تۆزقاڵێك زەرەر لە سەربەخۆیی حیزب بدرێ. بەڵام ئەم جەناحە کارێکی وای کردوە لە بەرامبەر هێندێك لایەن دا سەربەخۆیی حیزرب بە تەواوی بکەوێتە ژێر پرسیار و نابێ وەك جەناحەکەی پێشوو بێ!! ئەدی نوێخوازی‌یەیکەی چی لێ دێ؟! ئەگەر بێین لەسەر هەموو چەواشە کاری‌یەکانی ئەم فتوایە بدوێین " پووش لە کا ژماردنە" تەنیا ئاماژە بە شتێکی دیکە دەکەم: دەڵێ: " لەسەر سایتەکان بە ناوو بێ ناو دژی حیزب (ناڵێ دژی باندەکەیان) و رێبەرایەتی قسەی سووكو... هیچ سنوورێکی حیزبی‌و ئەخلاقیان نەپاراست. "

لەو پێوەندی‌یە دا دەڵێم: ئەگەر تۆزقاڵێك پرەنسیپی دیموکراسی لە حیزب دا مابوایە ئەو قسانە (کە قسەی سووکیش نین) لە جێی خۆیان دا دەکران: تریبوونی ئاشکرای حیزب، ئەو تریبوونەی پێشتر ئاوەدان بوو و ئێستا گاڵە دراوە. بەڵام هەقیقەت هەر دەبێ بگوترێ. هیچ هێزێك ناتوانێ پێشی پێ بگرێ. بۆیە ئەو هەقیقەتانە لە سایتەکان سەروەدەر دەنێن.

جگە لەوەش کێ بوو لە پێش دا لەسەر سایتەکان " سنوورە ئەخلاقی‌یەکانی نەپاراست"؟ مەگەر زۆر پێش کۆنگرەی 13 ئێوە نەبوون لە دژی کاك خالید عەزیزی‌و ماموستا ئەم کارەتان کرد؟ لە حاڵێك دا دەتان توانی‌و ئازاد بوون لە حیزب دا چ دەڵێن‌و چ دەنووسن. پاشان ئەم چەند دێڕانە " سنووری حیزبی‌و ئەخلاقی‌یان شکاندوە" یان ئەم فتوا مەحرەمانەیە؟

راستی‌یەکەی ئەوەیە پێشوازیی بەرین‌و گەرمی ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب لەو 20 خاڵە ئەو هاورێیانەی وا لێ کردوە کە بە نهێنی لە دژی بەشەکەی دیکەی حیزب ئاوا نادۆستانە فتوا بدەن.